www.kurdistannet.org

بۆ خانم ئازەر ماجدی و ئاغایان کورش مودەرسی، فاتێح شێخ السلامی و حسێن مراد بێگی
ئەم کاتەتان شاد.
هەروەک ئاگادارن رۆژی ٦ی سپتامبری ۲۰۰۳ لە ستۆکۆڵم و لە سالۆنی ‹ هوسبی ترێف› کۆبوونەوەیەک لە ژێر ناوی ( دەرسەکانی ۱۸ی تیر چەپ و راست لە کوێدا راوەستاون؟) لە لایەن ئێوەوە بەرێوە برا، لەو کۆبوونەوەدا نزیکەی ٦۰ کەسێک بەشدار بوون.
جێگەی داخە لەو کۆبوونەوەدا ‹ دە = ۱۰ › کەسێک غەیرە حیزبی بەشدارییان کرد بوو، کە من یەکێ لەو دە کەسە بووم و لە نۆبەی خۆمدا ئاماژەم بە پلە و پایەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران لە ناو خەڵکدا کرد، هەروەها پرسیارێک سەبارەت بە مەسئەلەیک لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و بێدەنگ بوونی ئاغای مەنسور حیکمەت سەبارەت بەو مەسئەلەیە. هەر کام لە ئێوە بەرێوەبەرانی کۆرەکە ئاماژەتان بەو مەسئەلە کرد. سەبارەت بەو مەسئەلەیەی ناو حیزبی کۆمۆنیستی ئێران خانم ئازەر ماجدی کوتی: ئەوە مافی کۆمەڵەیە. ئەو وەڵامەی خانم ماجدی بۆ من جێگەی سەرسورمانە. بە هۆی ئەوەی نە ئەتوانم و نە ئەمەوێت شتێک جگە لە قسەکانی خانم ماجدی باس بکەم، داوای کۆپیەی ئەو پرسیارەی خۆم و وەڵامی خانم ماجدی ئەکەم بۆ ئەوەی پیادەکەم و بە نووسراوە بیخەمە بەردەستی خوێنەرانەوە، ئەو کارەی کە من ئەنجامی ئەدەم خۆی خزمەت کردنە بە بڵاو بوونەوەی دید و بۆچوونەکانی رابەرانی حککا.
هەر خەرجێک وەک کڕینی کاسێت و رەوانە کردنی لە رێگای پۆستەوە، من خۆم ئەیگرمە ئەستۆ.
بۆ ئاگاداریتان، ئەدرس و ژمارە تەلەفۆنی خۆم بڕێکردووە بۆ ئاغای فاتێح شێخ السلامی. ئەگەر کاستەکەم بۆ رەوانە نەکەن ئەو مافە بەخۆم ئەدەم کە دید و بۆچوونەکانی خانم ماجدی بە چ جۆرێک لە یادمە بەیانی بکەم .

بە سپاسەوە سەعی سەقزی ۲۰۰۳/۹/۲۲

خوێنەری خۆشەویست، ئەم نامە بە فارسی بێشتر لە رێگای سایتە ئەنترنێتیەکانەوە بۆیان رەوانە کراوە. ۲۰۰۳/۹/۲۲